# تەنگژەی سیاسی شیعە؛ شەقام بەرامبەر شەقام

15-08-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە** : دەرئەنجام و داهاتووی بنبەستی سیاسی لە عێراق

یەك رۆژ  دوای ئەوەی کادیران و بنکەی جەماوەریی لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە (12ی ئاب)، لە بەرامبەر مانگرتووان و خۆپیشاندەرانی سەدر لە ناوچەی سەوز و دەورووبەری تەلاری پەرلەمان، هاتنە سەر شەقام، جارێکی دیکە موقتەدا سەدر بڕیاریدا بەشێوەیەکی بەفراوانتر پەنا بۆ شەقام و ڕێکخستنی "خۆپیشاندانی ملیۆنی" ببات. ئەمەش بەهیوای ئەوەی کە گومانی هاوتایی و هاوئاستی هەردوو جەمسەرە شیعییەکە لە کارتی بەکارهێنانی شەقامدا بەلایەکدا بخات. ئەم پەنابردنەی هەردوو جەمسەرە ناکۆکەش بۆ شەقام، دەرئەنجام و دەرهاوێشتەی بنبەستی سیاسی و دەورووبەری 10 مانگ کێشمەکێش و ململانێیە بۆ یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەی حکومەتی نوێی عێراق. هەروەها لە کاتێکیشدایە کە مەترسییەکانی پێکدادانی چەکداری بەڕادەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە،  ئەویش پاش ئەوەی لەسەرەتای قەیرانەکەوە زۆرجار وەك مەترسییەکی گەورەی گریمانەیی دەردەکەوت.

ڕەوتی سەدر و ڕێکخستنە سیاسییەکەی (البنيان المرصوص) تەوژمێکی عەقیدەیی سیاسی هەرەمییە. خاوەن بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوانی گوێڕایەڵیشە و، بنکەیەکی کی گەورەی جەماوەر و خۆپیشاندەری خوێنگەرمیشی لە پایتەختدا هەیە کە خەڵکی شارۆچکەی سەدری بەغدان. لە بەرامبەریشدا لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی زیاتر نوێنەرایەتی ئەو هێزە شیعانە دەکەن کە ئەزموونیان لەسەر هاتنە شەقام (جگە لە حەکیم) کەمە. هەروەها زیاتر ئەوانەن کە لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدان و دەچنەوە سەر "چینی نێوەڕاست". ئەم جیاوازییەش بەڕوونی لە چالاکییەکانی سەر شەقامی هەردوو بەرەکەدا دیارە. بۆ نمونە لە کاتێکدا سەدرییەکان گەلەری بوون و سادەیی و خاکیبوونی زیاتریان پێوە دیارە، هەروەها خۆپیشاندان وەك تایبەتمەندی خۆیان دەبینن، کەچی خۆپیشاندانەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی زیاتر لە ڕاهێنان و مەشقی گرووپە چەکدارەکان دەچێت، چونکە زۆرینەیان ئەو کارمەندانەی حەشدی شەعبین کە لە نۆرەی بەجێهێنانی ئەرکی سەربازی لیواکانیان لە مۆڵەت و پشووی ماڵەوەدان. ئەم چەکدارە گەنجانە کە جلوبەرگ و تەمەن و جموجوڵیان زۆر هاوشێوەیە، لە کاتی هوتاف کێشان و لەبەردەم زوومی کامێراکانیشدا خاوەن دروشمی هاوبەش و یەکگرتوو نین. هەریەکەشیان دەچنەوە سەر ستایشکردنی سەرکردەی گرووپەکەی خۆی. هەشیانە هێندە بە زۆرەملێ هاتووە لێی تێکچووەو هاواردەکات "نەخێر بۆ عێراق" یان "بەڵێ بەڵێ بۆ کازمی"!

ناکرێت ئەو دابەشبوونە سیاسییەی ئێستای ناوماڵی شیعە و ئەو جەمسەرگیرییە لەسەر دەسەڵات درووست بووە و پاشان پەڕیوەتەوە بۆ شەقام، بەدەر لە پێکهاتە و سرووشتە کۆمەڵایەتییەکەی لایەنگران و بنکە جەماوەرییەکەی هەردوو جەمەسەرەکە تەماشا بکرێت؛ شوێنکەوتەکانی سەدر زیاتر شیعە هەژارەکان و چینە پەراوێزخراوەکانی پارێزگاکانی باشوور و شاری بەغدان. ئەم کوتلە مرۆییە شیعییە لە سەردەمی باوکی سەدریشدا، ژمارەیەکی کەمیان پارە و داهاتیان دەگەیشتە ڕادەی خومس و زەکات دان، هەر لەبەر ئەوە هەندێکجار وەك تانەو تەشەر، ڕکابەرەکانی (محمد صادق الصدر) پێیان گوتووە "مەرجەعی هەژارەکان". لە کاتێکدا ئەمە بۆ ڕەوتەکە گرەنتی کۆکردنەوەی جەماوەرێکی گوێڕایەڵ و بزێو و پڕ خرۆشە کە تەنیا چاوەڕێی فەرمان دەکات. لەبەرامبەریشدا حیزبی دەعوەی مالیکی بۆ نمونە، نوێنەرایەتی نوخبەی شیعەی قات لەبەر دەکات یان ئەو سوودمەندانەی لە هەردوو ویلایەتەکەی ناوبراودا (2006_2014) بوونەتە خاوەن پێگە و بەرژەوەندی لە دەزگاکانی دەوڵەت. بنەماڵەی حەکیمیش دەچنەوە سەر "شیعەی ئەریستۆکرات"، ئەم دوو لایەنەش ئەوەی هەیانە وەبەرهێنانی لەسەر بکەن بۆ خرۆشانی سەرشەقام، گەنجە چەکدارەکانی حەشد و کارمەندانی گرووپەکانن کە هەر دەجووڵێنەوە ئاشکرا دەبن. ئەو دوو جارەشی کە هەوڵیان داوە جموجوڵی جەماوەری دروست بکەن، زیاتر بەلای نمایشدا شکاوەتەوە تا خۆپیشاندان.

هەردوو بەرە شیعییەکە پێیانوایە دەتوانن جەماوەری خۆیان کۆ بکەنەوە و ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان، بەڵام لە دەرەوەی ئەوان زۆرینەیەکی بێدەنگ هەن کە یان بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردووە، یان تشرینییە خۆپیشاندەرەکانی پارن و بەشداری و بۆچوونی ئەمانەش بە گرنگ تەماشا دەکرێت بۆ ئەوەی تای تەرازووی هێز لە نێوان هەردوو جەمسەرەکەدا بە لایەکدا بخات. هەڵبەت لەبەر ئەوەی موقتەدا سەدر بانگەشەکانی یاخیگەرانەیە و جاروبار باسی گۆڕینی سیستم دەکات و ڕەخنەی توندی لە دەسەڵات هەیە کە خۆی بەشێکی سەرەکی بووە تێیدا، چانسی زیاتری هەیە لەدەرەوەی بازنەی خۆی هاوسۆز کۆ بکاتەوە، بە بەراورد بە ڕکابەرەکانی کە هەڵگری دروشمی پارێزگاری لە دەستوور و دەوڵەتن. چونکە ئەوە روونە کە بێزاری و تووڕەیی جەماوەریی لەم سیستم و دەوڵەت لە بەرزترین ئاستیدایە، هەر بەم هۆیەشەوە بەردەوام ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بەرەو پاشەکشە دەڕوات و دوو ساڵ بەر لەئێستاش ڕاپەڕین و یاخیبوون لە دژی سیستم و "کۆماری 2003" بە کوشتارێکی گەورە سەرکوت کرا.

گومان زۆرە، کارتی شەقام کە ئێستا کارو کاردانەوەیە، بتوانێت ململانێکە بەلایەکدا بخات، چونکە ڕاستە شەقام و خۆپیشاندەری سەدری پرۆسەی چوارچێوەی هاوئاهەنگییان بۆ دانانی محەممەد شیاع سودانی لە سەرۆکایەتی وەزیران پەکخست، بەڵام جگە لە شەقام، کارتەکانی؛ چەك، پارە، قەزا، لە دەرەوەی ئەوانیش ڕای مەرجەعییەت و کاریگەریی و نفوزی ئێران، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە هاوکێشەی حوکمڕانی عێراقدا و لە دوو ساڵی رابردووشدا هەر ئەوەی حکومەتی عەبدولمەهدی کۆتایی پێ هێنا، هەر ئەوەش نەیهێشت بەدەستهێنانی زۆرینەی لە لایەن سەدرەوە یەکسان ببێت بە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی دەسەڵات!

بۆ سەدرییەکان لە پاش کشاندنەوەی فراکسیۆنەکەیان (73 کورسی) لەپەرلەمان و سووتاندنی کارتەکەیان لە دەسەڵاتی یاسادانان،

بژاردەی ئەوتۆ نەماوە جگە لە شەقام، بۆ ئەم ڕەوتە شیعییە لە ئێستادا هەموو کارت و گوشارەکان هەر دەچنەوە سەر شەقام، تا ئەوکاتەی چارەسەرێکی مامناوەند لە دانوستانەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام بۆ چوارچێوەی هاوئاهەنگی ئاڵنگاری گەورە ئەوەیە بیسەلمێنن شەقام تەنها موڵکی سەدر نییە، هیچ نەبێت هەردوولا لەڕووی جەماوەرییەوە هاوتان. سەلماندنی ئەمەش دەوەستێتە سەر گێمەکانی دیکەی یاری جووڵاندنی بنکە جەماوەرییەکانیان.